# وتووێژی گۆڤاری ڕێزین ( Reason ) لەگەڵ پیتر گێلبرایت

ئامادەکردنی: مایکڵ یانگ ( Michael young )
وەرگێڕان لەئینگلیزیەوە: قاسم ڕەیانی ستۆکهۆڵم

پیتر گێلبرایت: من لایەنگرییەکی زۆر لەخەڵکی کورد دەکەم کە لەژێر دەسەڵاتدارییەتی ئێراقدا یەکجار زۆریان زەبر کێشاوە. بەڵام لێکدانەوەی من لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دامەزراوە. هەر کوردێك ئاواتی سەربەخۆییە. ڕاگرتنی کوردەکان بەپێچەوانەی مەیلی خۆیان لەچوارچێوەی ئێراقدا، گەلالە یەك بۆ شەڕو پێکدادان‌و زوڵم‌و زۆریی بێوچان.

لەگەڵ ئەوەی کە دەزگای ئیداری بوش لەئاست نیشاندانی دەوری ئەمریکا لەئێران لەگەڵ دڕدونگییەکی ڕوو لەزیاد بووندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ڕەخنەگرانی بەگوێرەی هێڵی سیاسی حیزبی، هەوڵیانداوە ڕێگایەك بۆ هاوساکردنی توندوتیژی بدۆزنەوە و، دەوری ئەمریکا لەئێراقدا سەرلەنوێ وەسف بکەنەوە. لەلایەن دیموکراتەکانەوە پیتر گێلبرایت دەورێکی گەورەی لەخولقاندنی ڕەزامەندییەکی گشتی دیوە. پیترگێلبرایت باڵوێزی پێشووی ئەمریکا بوو لەولاتی کرۆڤات کە، هەروەها لەمەسەلەی تەیموری ڕۆژهەلاتیشدا بە قووڵی تێکەڵاو بوو. گێلبرایت کاتێك نێوبانگی لەئاست مەسەلەی ئێراق دەرکرد کە وەك پایەبەرزترین ڕاوێژکاری کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی سەنای ئەمریکا لەساڵانی ١٠٧٩ وە هەتا ١٩٩٣، کاری دەکرد. لەمەودای ئەو قۆناغەدا گەلێك ڕاپۆرتی لەئاست شەڕی ئێران‌و ئێراق‌و، ئاست ئاکاری تاوانبارانەی ڕژێمی ئێراق دژی کوردەکان بڵاوکردەوە. گێلبرایت، ئێستاکێ خەریکی نووسینی کتێبێکە لەئاست ئێراقدا.

پێتوایە چ شتێك لەئێراق ڕووبدا پاش ئەوەی کەلەمانگی دیسێمبردا بەگوێرەی قانوونی بنەڕەتیی نوێ، هەڵبژاردن دەستپێدەکا؟

- ئاکامەکانی هەڵبژاردنی دیسێمبر لەوانەیە وەك هەڵبژاردنەکەی مانگی ژانویەی ڕابووردوو بچێ. خەڵکی ئێراق بەگوێرەی ناسنامەی ڕەگەزیی یان ئایینی خۆیان دەنگدەدەن‌و، زۆر خەڵکێکی کەم هەیە کە وەك ئێراقی دەنگبدەن. کوردەکان دیسانیش بەتێکڕایی هەر بەلیستی هاوپەیمانی کوردستان دەنگدەدەن‌و، شیعەکانیش بەحزبە ئایینییەکان. لەژانویەی ڕابردوودا عەرەبە سوننییەکان بەدەنگنەدان ناسنامەی خۆیان دەربڕی کە ئێستاکێ زۆر کەس پێیانوایە کارێکی هەڵە بووە. ئەوان ئێستاکێ دەخوازن دەنگ بە حزبە سوننییەکان بدەن‌و، بەتایبەت بەوانەی کە گرێدراوی ڕژێمی سوننی پێشوون.

لەهەمان کاتیشدا، ئەیاد عەلاوی سەرۆك وەزیرانی پێشوو، ئەحمەد چەلەبی دەیانهەوێ دەنگی ئەو عەرەبە سیکولەر و، ئەو شیعە ئایینیانەی کە لەڕژێمی لاوازی ئێستا دڵسارد بوونەتەوە، بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. عەلاوی، چەلەبی‌و کۆمۆنیستەکان تەنیا حزبانێکن کە ئێراقین، بەو مانایەی کە دەخوازن کەلێنی نێوان شیعەو سوننی پڕبکەنەوە بەڵام، ئەوان لەکوردستاندا هیچ پشتیوانێکیان نییە.

وەك کەسێك باست کردووە کە سێ گرووپی دانیشتووی ئێراق، عەرەبی سوننی، شیعەو کورد، لەشێوەی وڵاتێکی نوێدارێژراودا بە ڕێگەی جیاوازی خۆیان بڕۆن، پێتوایە ئەو قانوونە بنەڕەتییە نوێیە چارەسەری ئەو ڕەوتە بە شێوەیەکی ئاشتیانە مسۆگەردەکا، یان وەك بۆسنیا ئاکامەکەی دەگاتە لێکترازانێکی توند شێوە؟

- ئەگەر بێتو ئێراق لێکبترازێ، بە هۆی ئەو قانوونە بنەڕەتییە نوێیە نابێ، کە زۆر بە هاسانی ئەوەی سەلماندووە هەر ئێستاکێ ئەو لێکترازانە هاتۆتە ئاراوە و، ستروکتورێیش بۆ خەڵکی ئێراق دەخاتەڕوو کە پێکەوە هاوژیان بن. من پێموایە قانوونی بنەڕەتی دەتوانێ یارمەتیدەری خۆپاراستن لەشەڕێکی چەشنی بۆسنیا بێ، لەبەر ئەوە کەئەو قانوونە زۆرێك لەمەسەلەکانی وەك کۆنترۆڵی نەوت، داهاتووی کەرکوك‌و دەسەڵاتی ناوەند کە دەکرێ بە شەڕی ناوەخۆ تەواوبێ، چارەسەردەکا. خەڵکی ئێراق بەهای هاوبەشیان نییەو، یان هەروەها ئارەزووی پێکەوەژیان لەچوارچێوەی وڵاتێکدا ناکەن. ئەو قانوونە بنەڕەتییە ڕێگە دەدا کوردەکان سیکولەرو ڕۆژئاوادۆست بن‌و، شیعەکان حکومەتێکی ئێرانخوازیان لەباشوور هەبێ. ئەوە تەنیا شێوەیەکە لەوڵاتێکی دیموکراتیدا ئەو بۆچوونانەی هەتا ئەو ڕادەیە لێکدوورن، پێك بلکێنندرێتەوە. بەڵام ئەگەر هاتوو ئێراق بەیەکگرتوویی نەمێنێتەوە، قانوونی بنەڕەتی دەتوانێ ئەو فیدراڵیسمەی هەڵوەشێنێتەوەو، ئەو ڕەوتە تا ڕادەیەك بێ ئێش‌و ئازار بکا.

گەلێك تێوری هەبوون لەئاست ئەوە کە چۆن سەرهەڵداوانی سوننی بتوانرێ لەفەزایەکی ناناوەندیکراوی ڕوو لەزیادبوون لەئێراقدا، ڕاکێشرێن، پێتوایەوحکومەتێکی نوێی ناوەندی ئەو توانایییەی هەبێ بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بتوانێ لەو مەسەلەدا هەنگاو هەڵێنێتەوە؟

- تەنیا هەر بەهۆی خودی عەرەبە سوننییەکانەوە دەکرێ دژ بەسەرهەڵداوان خەبات بکردرێ. قانوونی بنەڕەتی مافی ئەوەی بۆ دیاریکردوون کە حکومەتی هەرێمی‌و هێزی سەربازی خۆیان هەبێ. حکومەتێکی هەرێمی عەرەبی سوننی‌و هێزێکی سەربازی لە هەرێمەکەیاندا، لەوانەیە بتوانێ پشتگیرییەکی تێروتەسەل وەدەستبێنێ کە بەدژی زۆرێك لەو سەرهەڵداوانە خەبات بکا. هێزێکی سەربازی ئێراقی وەفادار بەعەرەبی سوننییەوە وەك هێزی سەربازی نەتەوەیی قەبوڵ ناکردرێ.

لەو حەوتووانەی دوایی لەئەمریکادا بۆ کشانەوە بەرەو پلانێك، جموجۆڵ دەستپێکردووە. گوشار بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانی ڕوو لەزۆربوون دایە. پێتوابێ ئەو جموجۆڵە بەرەو کوێ بڕوا، بەسەرنجدانی ئەو مەسەلەیە کە ئێمە نزیکی هەڵبژاردنی نۆڤێمبەری ساڵی (٢٠٠٦) دەبینەوە؟

- خەڵکی ئەمریکا متمانەی خۆی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی سەرۆککۆمار جورج بوش‌و، دەزگای ئیدارییەکەی لەمەڕ شەڕی ئێراق لەدەستداوە و، ئەوەش بەهۆیەکی قورسەوە بووە. ئەو شەڕە یەکێك لەخاوترین عەمەلیاتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە لەهەموو ژیانمدا. گوشار بۆ کێشانەوەی هێزەکانمان تەنیا بەرەو زیادبوون دەڕوا و، دەتوانێ هەتا هەڵبژاردنی نۆڤێمبەری داهاتوو ببێتە شەپۆلێکی مەزن.



ئەتۆ ماوەیەك لەکوردەکان نزیك بووی یان ڕاوێژکاری کوردەکانی ئێراق بووی. هێندێك خەڵك دەبێژن ئەوە دەبێتە هۆی لایەنگریکردنت لەکوردەکان، کاتێك باسی ئۆتۆنۆمی کورد یان تەنانەت سەربەخۆیی دەکردرێ‌و، ئەوەش بەنرخی لەژێرپێنانی ئێراقێکی یەکگرتوویە.

- من لایەنگرییەکی زۆر لەخەڵکی کورد دەکەم کە لەژێر دەسەڵاتدارییەتی ئێراقدا یەکجار زۆریان زەجر کێشاوە. بەڵام لێکدانەوەی من لەسەر بنچینەی بەرژەوەنییەکانی ئەمریکا دامەزراوە. هەر کوردێك ئاواتی سەربەخۆییە. ڕاگرتنی کوردەکان بەپێچەوانەی مەیلی خۆیان لەچوارچێوەی ئێراقدا، گەلالەیەکە بۆ شەڕو پێکدادان‌و زوڵم‌و زۆریی بێوچن. ئێراقێکی یەکگرتوو، لەرزۆك‌و نامسۆگەر دەبێ، فیدراڵیسمێکی ئاوالا دەتوانێ جێبەجێ بێ. ئەگەر وانەبێ، دەبێ ئەمریکا بۆ جوادییەکی ئاشتیخوازانە کاربکا.

هێندێك دەبێژن هەر ئێستاکێ سەرکەوتوویەکی مەزن لەئێراقدا هەیە کە ئەویش ئێرانە. لەگەڵ ئەو ڕایە هەی‌و، ئێران چەندە دەتوانێ لەئێراقدا بچێتە پێش بێ ئەوە کە دژکردەوەیەکی لەئاست خۆی هانبدا؟

- دەزگای ئیداری بوش گەورەترین دوژمنی ئێران، سەدام حوسێنی سەرەونخوونکردو، هاوپەیمانی ئێرانی لەبەغدادا هێناوەتە سەرکار. بەدەسەڵاتترین حزبی سیاسی لەئێراقدا مجلیسی شۆڕشی ئیسلامی ئێراقەو، لەئێران دروستکراوە. ئێران گرووپی بەدری دامەزراندو ڕایهێنا، باسکی سەربازیی مەجلیسی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێراق کە بەهێزترین چەکدارە لەباشووری ئێراق، خەڵکی خۆی لەنێو پۆلیس‌و هێزی سەربازی خزاندووە. هیچ سەیرنییە کە ئێران کەیفی پێوە دەکا.

پێتوایە پێکهەڵپڕژانی نێوان هێزەکانی ئەمریکی‌و سوری لەسنووری سوریادا دووری لێنەکرێ، بەسرنجدانی تەریك کەوتنەوەی ڕوو لەزۆربوونی نێونەتەوەیی سوریا بەهۆی لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەئاست مردنی سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان، ڕەفیق حەریری؟

- سوریا ناخوازێ ئەمریکا لەئێراقدا سەرکەوێ، چونکوو دیمەشق ترسی ئەوەی هەیە کە سوریا ببێتە مەبەستی داهاتووی ئەمریکا. هەتا ئەو کاتەی کارەکان لەئێراق بەباشی دەچونە پێش، خەڵکێکی پەیوەندیدار بەدەزگای ئیداری بوش هەبوو کە بەئاشکرا باسیان لەوە دەکرد، "گوایە هێرش بکرێتە سەر سوریا" بەڵام مەرگی حەریری بە دواوە، مەرجبەندییەکان ڕوو لەزۆربووندا بووە. ئەگەر سوریا هەروا لەدرێژەدا ڕیگە بەتیرۆیستان بدا تا لەسنووری ئاودیوی ئێراق بن، ئەوە مەترسییەکی زۆر بۆ خۆیان دروستدەکەن.

پێتوایە ئەمریکاو ئێراق بتوانن کەڵك لەکوردەکانی سوریا بەدژی سوریا وەرگرن بۆ ئەوەی لەداهاتوودا گوشار پتر بکرێ؟

- نەخێر.

چۆن تورکیا دەیهەوێ سەبارەت بە مەیلی ئۆتۆنۆمیخوازیی کوردی ڕوو لە زۆر بووندا هەڵسوکەوت بکا، بەتایبەت کە ئەمریکا ئێراق بەجێدێڵێ‌و کوردەکان بێ بەرگری دەهێڵێتەوە؟

سیاسەتی تورکیا لەئاست کوردستانی ئێراق واقیعبینانەو پێشکەوتوو بووە. قانوونی بنەڕەتی ئێراق، کوردستانێکی خودموختاری تەواو خولقاندووە و، ئەوە میکانیزمی چارەسەرکردنی بارودۆخی کەرکوکیش دەگرێتەوە. تورکیا ئەوەی سەلماندووە کە ئێراق مافی سەروەری خۆیەتی بەو چەشنەی خەڵکی ئێراق مەیلی لەسەرە، کاروباری خۆی‌ڕێکبخا. تورکیا ئەو ڕێگایەی، کە پێموایە زۆر ئاقڵانەیە، هەڵبژاردووە لەنزیکەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکا. هەروەها تورکیا بازرگانەکانی تورکی لەکوردستانە هانداوە، ئەوە ئەو شەریکە تورکییەش دەگرێتەوە کە بەگوێرەی قۆنتراتێك لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاڵاوی نەوتی تەق تەق پەرەپێدەدا. تەنانەت تورکە ڕاستەکانیش دان بەوەدا دەنێن کە ئانکەرا ڕێگەگەلێکی کەمی لەبەر دەستە. هیچ ڕێگەیەکی سەربازی مومکین نییە. هێرشێکی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کوردستانی ئێراق زۆر لەو شەڕە ١٥ ساڵەیەی دژی پ.ك.ك بەڕێوەی بردووە، دژوارتر دەبێ‌و. ئەوەش ئاکامەکەی دەبێتە شەرمەزارکردنێکی نێونەتەوەیی‌و لەوانەشە ئابلۆقەی ئابووری. هێرشکردن بۆ سەر ئێراق هەروەها بەختی تورکیا بۆ ئەندامبوون لەیەکێتی ئۆرووپا دەفەوتێنێ. گەلێك خەڵك ئێستاکێ وەك حکومەتێکی دۆست چاو لەکوردستان دەکەن کە هاوبەشە لەگەڵ دابونەریتی سیکولەریی، ئاقاری ڕۆژئاوایی‌و دیموکراتیکی تورکیا. کوردستان سپەرێکە دژیحکومەتێکی ئیسلامی لەئێراقی عەرەبدا. هەوڵی تورکیا بۆ دروستکردنی پێوەندییەکی قورس‌و قایم لەگەڵ حکومەتی کوردستان، کاریگەری تورکیا یەکجار زۆرتر دەکا لەچاوهەڵوێستێکی کە لەسەر بناخەی هەڕەشە دامەزرابێ.

لەنێوان دیموکراتەکاندا وەك دەنگێگ لەسیاسەتی ئێراقدا گوێڕایەڵی تۆن، چ ڕینوێنییەکت بۆ بڕیادەرانی ناو حزب هەیە؟

- دیموکراتەکان لەبەرانبەر ڕێبازی سەرنەکەوتووی بوشدا پێویستییان بە دەستنیشانکردنی ئالترناتیڤێکی ڕوون هەیە، ئەوان نابێ تەنیا هەر ڕەخنە بگرن. ستراتیژی بوش لەسەر بنچینەی خەیاڵ‌و خۆشباوەڕی دامەزراوە، سیاسەتی دیموکراتەکان دەبێ واقیعی بێ.

خاڵی دستپێك ئەوەیە، دان بەوەدا بنرێ کە ئێراق هەڵوەشاوە و، جا دوایە خەریکی جێبەجێ کردنی بەشەکانی قانوونی بێ. هەم کوردستان‌و هەمیش باشووری ئێراق سەقامگیرن‌و، هیچ حەوجێ ناکا هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانان لەوێندەرێ ڕابگیرێن. ئەمریکا دەبێ جێپێی خۆی لەبەشی عەرەبە سوننییەکان کەمکاتەوە و، هێزێکی سەربازیی عەرەبی سوننی دروستبکا کە خوازیارەو دەتوانێ دژی سەرهەڵدان کاربکا. ئەمریکا ناتوانێ بەتەواوی خۆی لەئێراق بکێشێتەوە، بە هۆی ئەو مەترسییە کە تێرۆریستەکان بۆ داڕشتنی هێرشەکانیان بۆ سەر دەرەوەی ئێراق لەناوچەی عەرەبە سوننییەکان کەڵك وەردەگرن. بەڵام ئێمە دەتوانین خێرا هێزەکانی خۆمان کەمکەینەوە و، هێزێك لەکوردستان بێڵینەوە کە تەنیا بەشێکی ئێراقە، ئێمە بەخێرهاتن دەکا. هەروەها ئێمە پێویستمانە کە دیپلۆماسییەکەمان لەپێناو کارکردن بۆ چارەسەرکردنی هێندێك مەسەلە، وەك مەسەلەی کەرکوك، بەهێزتر بکەین کە دەتوانێ شەڕی ناوەخۆ لەئێراق خەستتر بکا.

ئایا ئەوڕۆ بارودۆخی ئێراق باشترە لەو کاتەی کە لەژێر حوکمی سەدام حوسێن دا بوو؟

- بەڵێ ئەوە گرینگە کە لەبیرمان بێ ڕژێمی سەدام چەند تاوانبار بوو. چونکوو ئێراق ئەوڕۆ ئازادە، توندوتیژی هەموو کاتێك هەواڵەکانی داگیرکردووە. بەڵام لەو ٣٥ ساڵەی دواییدا، سەدام‌و دەستوپێوەندەکانی پتر لە ٥٠٠،٠٠٠ ئێراقیان کوشت لەحاڵێکدا جیهان زۆر کەمی لەو بارەوە دەزانی‌و، بەداخەوە هەر نا گرینگ مایەوە.

لەکۆتاییدا، ئایا بڕوات بەوە هەیە کە وڵاتانی عەرەبی بێن‌و چارەسەرییەکی بێلایەنانە بۆ قەیرانی ئێراق بدۆزنەوە؟ ئەگەرنا، لەکوێ عەرەبەکان دێنە ناو چەشنە چارەسەرییەك؟

- لەناو ئێراقدا، دەوسییەی جیهانی عەرەب بە هۆی بێدەنگی پێشوویان لەئاست کوشتن‌و بڕینی شیعەو کوردەکان بە دەست سەدام حوسێن، پیس بووە. کورد و شیعەیەکی زۆر پێیانوایە کۆنفەرانسی عەرەب پشتگیری لەسوننییەکان دەکاو، لەوەی دواوەش بۆ وڵاتانی عەرەبی زۆر دژوار دەبێ بەسەر میراتی ڕەشبینیدا زاڵبن. کۆنفەرانسی ئاشتی ئەو دواییانەی قاهیرە، یەکەم هەنگاوی باشە. باشترین کارێکی وڵاتانی عەرەبی بتوانن بیکەن، لەوانەیە هێزێکی عەرەبی سوننی ڕابهێنن کە بتوانێ دژی تێرۆریستان کاربکا.

سەرچاوە: گۆڤاری ڕیزین

www.reason.com

# پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ تاکی کورد لەنێوان ماف‌و ئەرکی ڕەهادا

جەبار عەبدوڵا میرزا ڕۆستەمی

لەم قۆناغی هاوچەرخەی ژیاندا سیستەمی دیموکراسی وەك دەرکەوتەیەکی بایەخدار ڕۆڵی ئاشتی‌و ئاوەدانکردنەوەو گەشەکردنی، زۆربەی بوارەکانی ژیان دەبینی‌و لەئەورووپاو وڵاتە دیموکراسییەکاندا. سیستەمی بەرقەراری دیموکراسی تەواو بازی بەو کۆمەلگایانە داوەو کردویەتیە نمونەی پێشکەوتنی ژیاری‌و کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و ئابوری‌و پیشەسازی کە ئەمەش پێشینەیەکی مێژووی درێژو ئەزمونێکی بەرچاوی خۆی هەیە.

دیارە پرۆسەی هەڵبژاردنیش بە ڕۆحی سیستەمی دیموکراسی‌و یەکەی بنچینەیی‌و سەرەکی ئەو سیستەمە دەژمێردرێ بۆیە چەند پرۆرسەی هەڵبژاردن میکانیزمی‌و سەرکەوتوبێ ئالوگۆڕی بە دەسەلاتەکان بکاو لەئەساسەوە خودی کێبڕکێیان لەنێوان ڕکەبەرەکاندا کە لەپێناو گەیشتنی بە دەسەلات یان بە دەستهێانی زۆرترین دەنگی جەماوەرو کورسی پەرلەمان بەئەنجام، دەگەیەنن کێبڕکێیەکی مەنتقیانەو بەهادار و پرۆژەی نوێی خزمەتگوزاری‌و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و زانستی‌و ژینگەو بوارەکانی تری ژیانمان پێبێ کە جیابێ لەدەسەلاتی پێشترو خاڵە لاوازەکان‌و کەم‌و کوڕیەکانی پێش خۆی بە شێوازێکی زانستیانە خستبێتەڕوو، کە لەهەمان کاتدا چارەسەریشی پێبێ بۆیان،ئەوا سەرکەوتوتردەبێ. ئەم شێوازە لەئەورپاو ڕۆژئاواو هەندێ وڵاتانی ئاسیادا بەڕوونیپیادە دەکرێ‌و هەمووشمان دەرەنجامە ئیجابییەکەیمان لەبەرچاوە، کە لەڕاستیدا ئەمە لایەنە تەندروستییەکەی پرۆسەی هەڵبژاردن‌و پرسی دیموکراسییە کە پێویستە ئاراستەی دیموکراسی‌و پرۆسەی هەڵبژاردن لەهەر وڵاتێکی تر کە تازە هەنگاوی بەرەو ئەو هەلومەرجە ناوە بەو ئاقارەدا ببردرێ.

دیارە عێراق ئێستا لەسەروبەندی تاقیکردنەوەی قۆناغە سەرەتاییەکانی پرسی دیموکراسی‌و پرۆسەی هەڵبژاردندایەو ئەم قۆناغەی لا نامۆو قوڕس‌و ئەستەمە، چونکە دەیان ساڵی تەمەنی بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتە بردۆتە سەر ئەوە جگە لەوەی هێزە سەرکییە سوننی‌و شیعیەکانی عێراق ئێستا لەلایەك گیرۆدەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی‌و لەلایەکی ترەوە پابەند بە چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی مەزهەبی کە لەو دوو حاڵەتەدا هەزمکردنی پرسی دیموکراسی‌و پرۆسەی هەڵبژاردن ئەستەم‌و تا ڕادەیەك مەحاڵیشە، چونکە لەبنچینەوە باوەڕبوون بە شێوە کاردن‌و ئاراستەیە لەو هێزانەدا بوونی نییە، بەڵام کە بەشدارن‌و بەئەنجامی دەگەیەنن تەنها لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە ناسیۆنالیزمە مەزهەبەکان. بۆیە لەم پرۆسەی هەڵبژاردنەی ناوەڕاستی ئەم مانگە خەڵك‌و هەرێمی کوردستان‌و تەواوی دەسکەوتەکان بەستراوەتەوە بەگرەوی هەڵبژاردن‌و ئەنجامە کۆتاییەکانی، ئەگەر باسکی هێزی کورد لەپەرلەمان بەڕادەیەك لاوازبێ کە بواری دوو لەسەر سێی ناو هۆڵی پەرلەمانی عێراق بۆ لایەنی عەرەبی بەگشتی بڕەخسێ ئەوا بێگومان بۆ چوار ساڵی ئایندە شتێکی دڵخۆشکەری ئەوتۆ بۆ گەلی کورد نامێنێتەوە کە دڵی بەچوارچێوەی عێراقەوە بمێنێتەوەو لەو حاڵەتەدا پێشبینی کەوتنەوەی دۆخێکی ناهەموار دەکرێت بۆ عێراق بەگشتی‌و بۆ کوردستان بەتایبەتی.

کەواتە دەنگدان بۆ تاکە تاکەی کورد لەسنووری مافی یاسایی‌و سیاسییەوە دەچێتە سنووری ئەرکی ڕەها چونکە چارەنووسی دەسکەوت‌و بونی کیان‌و ئایندەی وڵات‌و کۆمەڵگاو خێزان‌و تاکی کوردی دیاری دەکات بۆیە پێویستە هەر تاکێك دەنگ بدات بەلیستی کوردستان،و لەم کاتەدا هەندێ خاڵی لاوازو مەسەلەی گەندەڵی ساردیان نەکاتەوە چونکە شتێکی گرنگ بەرامبەرمان هەیە کە ناکرێ نەیبینین ئەویش ئەوەیە کە تۆی کورد دەنگ نادەیت واتە بۆشاییەکت لەلیستی میللەتەکەی خۆت دروست کردو بۆشاییەکی لایەنی عەرەبیت پڕکردووە ئەوە جگە لەوەی ئەگەر پرسیار بکەین چ هێزێك بەدیلی لایەنە کوردستانییەکانە؟ جەعفەری یان عەلاوی یان هێزە سوننییەکانی عێراق؟ ئایا لەواندا گەورەترین‌و نمونەیترین جۆری گەندەڵی دەرنەکەوتووە لەماوەی ئەو فەرمانڕەواییەی خۆیاندا؟ ئەی چییان بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکی عێراق کرد؟ من نالێم بۆ کورد چونکە ئاشکرایە جگە لەپیلان گێڕان‌و پیادەکردنی سیاسەتی شۆڤێنیانە بەرامبەر بە کوردو کوردستان‌و پرسە هەڵواسراوەکانی کەرکوك‌و باقی مەسەلە گرنگەکان هیچی تریان ئەنجام نەداوەو چاوەڕێش ناکرێت لەناو هێزە عێراقیەکاندا لەوان باشتر پەیدابێت. بۆیە کورد کە گۆشتمانیش بخوات ئێسقانمان ناشکێنێت، کەواتە باشترین ڕێگاو چارەسەر دەنگدانمانە بەلیستی کوردستان‌و پاراستنی یەکیەتی ڕیزەکانی خەڵك‌و لایەنەکانی کوردستانە.